# هەڤاڵ شێخانی گیانێکی هونەرمەندانەی تژی بە هەستی مرۆڤایەتی

**رۆمن رۆڵان نووسەر و بیرمەندی فەرەنسی دەڵێت: ئەگەر هونەر و ئینسانییەت نەتوانن لە پەنای یەکدا بژین، لێگەڕێ با هونەر بمرێ» ئەگەر هونەر بە بەرگی ئینسانئۆستی و خزمەت بە مرۆڤدا خۆی نەبینێتەوە، ئەم هونەرە خۆی وەك بەفری بەر هەتاو دەتاوێتەوە.. هەڤاڵ ئەو گەنجە رووح سوك و هونەرمەندە دەنگ زوڵاڵەیە کە هەر لەسەرەتای کاری هونەریدا ویستوویەتی هونەر و ئینسانییەت تێکەڵاوی یەك بکا و کانیاوی هونەرەکەی تژی بێت لە هەستی مرۆڤایەتی.. ئەو لەدایك بووی ١٩٨٢یە، بەڵام وەك ئەوەیە زۆر بەر لەم ساڵانەدا لەدایك بووبێ، چونکە فۆلکلۆری گەلەکەی وەك گەنجینەیەکی بەنرخ لە هونەرەکەیدا پاراستووە، ئەو پشتی لە رابردووی گەلەکەی نەکردووە و هونەرەکەی ئاوێنەی رەنگدانەوەی رۆحی کۆمەڵگایەتی.. ئەوین و سۆز، عەشقی پاك، عەشق بە ئایینێکی پڕ لە بەخشندەیی و لێبوردەیی، عەشق بە مرۆڤایەتی لە گۆرانییەکانیدا رەنگ دەدەنەوە.. لێبوردەیی و هەستی ئینسانی هەڤاڵ لەو تێکستە شیعرییەدا کە لە گۆرانییەکیدا بە باشی بەرجەستە دەبێت، هەڤاڵ لەگەڵ گۆرانی گوتن بۆ عەشق و جوانی، عەشقی یەزدانیشی لەبیرنەکردووە و لە خەڵوەتی عەشقی حەقیقیشدا دەروێشێکی کەشکۆڵ بەشانە.. ئەو ئایین وەك پێناسەیەك لە لێبوردەی و بەخشندەیی دەناسێ. لە کورتە دیدارێکدا ئاوا هەڤاڵمان بەسەرکردەوە:**

**• سرودی ئایینیت وەك چاولێکەرییەك تاقیکردەوە، یان بڕوات بە عەشقی یەزدانی و تەقسی ئایینی هەیە؟**

- من هەستی ئایینی پاك و لێبوردەیی هەر لەناخمدا رەگی داکوتاوە، عەشق بەخوای بەخشندە لە رۆح و نەستمدا پەنگی خواردۆتەوە، لە دەروونەوە بڕوام بە سرود گوتن بۆ ئایین و ستایشی ئایینی هەیە، ویستوومە لە تێکستێکی جوانی شاعیری هەست ناسك سەرکەوت رەسول لەم سرودە ئایینیەمدا کەڵك وەرگرم کە ئاوازەکەی هی زیرەك حەمەدەمینە..

**• نەك هەر تۆ زۆربەی هونەرمەندەکان، گۆرانییەکان بە شێوەی سنگل بڵاودەکەنەوە، چۆنە بە شێوەی CD بەرهەمەکانتان بڵاو ناکەنەوە؟**

- دوو هۆکار هەیە بۆ ئەوەی کە بەشێوەی CD گۆرانی بڵاوناکەینەوە، یەکەم دەرهێنانی CDییەك لە رووی مادییەوە تێچوویەکی زۆری دەوێت، هۆکاری دووەم ئەوەیە گوێگری گۆرانی بە شێوەی CD کەم بۆتەوە، چونکە لاوازی گۆرانییەك لە CDییەکدا، تەنانەت ئەگەر لاوازیش نەبێ، بەڵام لەگەڵ زەوق و هەستی گوێگر یەکنەگرێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خودی CDییەکی گرنگی ئەوتۆ پێنەدرێ.

**• چۆنە زۆربەی بەرهەمەکانت تێکستەکانیان هی شاعیر سەرکەوت رەسولە؟**

- لەسەرەتادا دەبێ بڵێم، هەموو کەس دەزانێ «سەرکەوت رەسول» شاعیرێکی تا بڵێی هەست ناسکە، جگە لەوە رۆشنبیریشە و دەتوانم لە کارەکانی خۆمدا پشتی پێببەستم و راوێژی پێبکەم، سەرکەوتنی بەرهەمەکانم بەشێکی بۆ تێکستی جوان و راوێژی بەپێزی ئەو شاعیرە دەگەڕێتەوە؟

**• جگە لە «سەرکەوت رەسول»ی شاعیر کێی دیکە هاوکاری کردووی لە تێکست و دانانی ئاوازدا؟**

- وەکو کاری مۆسیقایی، هۆگر عەزیز و قەهار شێخانی و هەردی قادر یارمەتیدەرم بوونە.

**• لە فۆلکلۆری گەلەکەت و مۆسیقای بیانی کامەیان بەسەر رۆحی هونەریتدا زاڵە؟**


- راستییەکەی هونەرمەندێك کە بیەوێ لە هونەردا سەرکەوتوو بێ، نابێ هیچ دەرگایەك لەسەر خۆی دابخات، نە دەرگای فۆلکلۆر کە دەرگەی مێژووی هونەری گەلەکەیەتی و بەنەمری ماوەتەوە، نە دەرگەی سوود وەرگرتن لە هونەری گەلانی دیکەش، چونکە گوێگرتن و سوود وەرگرتن لە هونەری بیانیش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی هونەرەکەی خۆت.

**• ئێستا وەك دیاردەیەك وای لێهاتووە، کلیپەکان بەبێ کچ واتە رەگەزی بەرامبەر ناکرێن، ئایا زەق بوونی ئەم دیاردەیە سەرکەوتن بۆ هونەر دێنێت، یان پێچەوانە؟**

- نا کلیپی سەرکەوتوو بەبێ بوونی کچیش هەر سەرکەوتوویە، راستە رەگەزی بەرامبەر بۆ بەرجەستەکردنی رۆڵی عەشق و خۆشەویستی لە کلپیدا گرنگە، بەڵام هەموو شتێك نییە، بەپێچەوانەوە کلیپ هەیە ئەگەر رەگەزی بەرامبەر تێدا رۆڵی نەبینیبا زۆر سەرکەوتوو تر دەبوو، دوای ئەوەش ئەو ئافرەتەی کە رۆڵ دەبینێت، دەبێ بەراستی خۆی هەستی هونەری هەبێت، نەك هەر تەنیا مەبەستی رۆڵ گێڕان بێت، کە ئێمە ئافرەتی کوردمان کەمە کە ئەم رۆڵانە ببینن، ئافرەتی غەیرە کوردیش کە زۆربەیان عەرەبن، یەکەم لە ناخی هونەرەکەت ناگەن، دووەم ناتوانن بەپێی پێویست رۆڵەکە بەرجەستە بکەن، لە ئاکامدا لەبری سەرکەوتن کلیپێکی سەقەت لەدایك دەبێت.

**• هەندێك لە هونەرمەندان، جا بەهەر هۆکارێك بێت، ئایا رکابەری و ئێرەیی بێت لە نێوانیان یان هۆکاری دیکە لەگەڵ یەك زۆر تەبا نین و پەیوەندیان باش نییە، تۆ لەگەڵ هاوهەستانی خۆت واتە هونەرمەندان پەیوەندیت چۆنە؟**

- من پێچەوانەی زۆر لەوان، رێزی تایبەتیم بۆ هەموویان هەیە و بەبەشێك لە بنەماڵەی خۆمانیان دادەنێم و پێوەندییەکی زۆر نزیك لەگەڵ زۆربەیان هەیە و بە پێوەندی نێوان هونەرمەندان و لێکنزیکبوونەوەیان دەتوانن هونەر بەرەو سەرکەوتن و لوتکە بەرین.



## ئەلیف بیانی:

# فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندە، پێویستە زیاتر سوودی لێ وەربگیرێت

**باکووری کوردستان سەرمایەیەکی لە بن نەهاتووی هونەری کوردییە کە بە دەنگە چیایی و رەسەنەکەیان برەو بە هونەری کوردی دەدەن، جا چ لە کوردستان ژیان بەسەر بەرن یان لە ئەوروپا، خاتوو (ئەلیف بیانی)یش یەکێکە لە گۆرانیبێژەکانی شاری وان کە ماوەی چەند ساڵێکە بە دەنگەکەی خزمەتی هونەری کوردی دەکات و چوار بەرهەمی بڵاوکراوەی هەیە و هەمیشە لە بۆنە و ئاهەنگەکان ئامادە بوونی هەیە، ماوەیەکیش بەر لە ئێستا لەگەڵ تیپی مۆسیقای دهۆك بەسەرپەرشتی مامۆستا جەمال محەمەد گۆرانییەکی تۆمار کرد و لە بەرنامەدایە دووبارە بگەڕێتەوە کوردستان و بەرهەمێکی دیکەی هاوبەش تۆمار بکەن.**

### هونەر لە باشووری کوردستان پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە

ئەلیف کە پێشتر سەردانی کوردستانی کردووە، دەڵێ: ئەوەی تێبینیم کردووە باشووری کوردستان ئەم پارچەیەی وڵات لە هەموو روویەکەوە پێشکەوتووە و ئاوەدانی هەیە، بێگومان هونەریش لەو میانەیەدا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەگەر لێم بپرسن لە باکوور یان باشوور هونەر زیاتر پێشکەوتووە ئەوا بێگومان دەتوانم بڵێم لە باکوور پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، چونکە کاریگەری هونەری نەتەوەکانی دیکەی بەسەرەوە نییە، ئێمە خاوەن کەلتوور و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی هونەرین، پێویستە لە هەموو سوودی زیاتریان لێ وەربگیرێت نەك روو بکەینە هونەری نەتەوە و میللەتانی تر و هونەرەکەی خۆمان بێ ناز و خزمەت پشتگوێ بخەین.

### فۆلکلۆر گەنجینەیەکی لە بن نەهاتووە

ئەلیف خان پێی وایە میللەتی کوردیش وەك هەر میللەتێکی دیکە پێویستە ئاوڕ لە گەنجینەی پڕ بەهای کەلتووری کوردی بداتەوە، ئەوساکە دەبینین کە کورد بە کەلتوورەکەیەوە چەند دەوڵەمەندە، ئەلیف بیانی دەڵێ: من لە زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی خۆمدا گۆرانی فۆلکلۆریم وتووە، لە ئاهەنگ و بۆنەکانیشدا ئەگەر ئێمە گۆرانی فۆلکلۆری نەڵێین ئەوا خەڵك داوامان لێدەکات بەتایبەتی گۆرانی شایی، جگە لەوە ئێمە بەشێوەیەکی ئەکادیمی فۆلکلۆر دەخوێنین بۆ ئەوەی زیندووی بکەینەوە، لە هەمان کاتدا پەرەی پێبدەین، چونکە فۆلکلۆریش پێویستی بە زیندوو کردنەوە هەیە بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێت بیپارێزین، ئەوەی زیاتر دڵخۆشمان دەکات و دەبێتە هۆکارێك بۆ پاراستنی ئەو کەلتوورە بوونی چەندین کەناڵی رادیۆیی و تەلەفزیۆنییە بە زمانی کوردی، ئێمەی هونەرمەند بەرهەمەکانی خۆمان لەوانەش فۆلکلۆرییەکان لە رێگای میدیاکان پێشکەش دەکەین و خەڵکیش گوێی لێدەگرن، ئەمەش ئاشنایەتی زیاتر پەیدا دەبێت لەلایەن تاکی کورد بەرامبەر بە بەرهەمە فۆلکۆرییەکانی هونەرمەندانی گەلەکەمان.

### تەنیا لە ئاهەنگەکاندا گۆرانی هونەرمەندە نەمرەکان دەڵێمەوە

ئەلیف وەك زۆربەی هونەرمەندانی دیکەی باکووری کوردستان کاریگەر بووە بە هونەرمەندە نەمرەکان و خاوەن ئەزموونەکان، ئەلیف دەڵێ: هونەرمەندانی وەك تەحسین تەها و شڤان پەروەر بەتایبەتیش هونەرمەندی نەمر تەحسین تەها، هەرچەندە من تا ئێستا لە ئەلبوومەکاندا گۆرانییەکانیم دووبارە نەکردۆتەوە، بەڵام لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا بەردەوام گۆرانییەکانی دەڵێمەوە، چونکە هەست بە رەسەنایەتی دەکەم لە دەنگ و گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە نەمرە و گۆرانییەکانی هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە، ئەم هونەرمەندە نەمرانە بە مامۆستا و پێشەنگی هونەری کوردی دادەنرێن کە بۆ ئێمە رێنیشاندەرن و پێویستە ئێمە هەمیشە سوود لە هونەرەکەیان وەربگرین و بە نەوەکانی داهاتوویان بناسێنین، چونکە هەرچەندە لێیان قوڵ بیەوە شتی نوێ و تازە فێر دەبی و دەبنە هۆکاری پێشخستنی ئاستی هونەری ئێمە کە ئێستا بەردەوامین لە خزمەت کردنی هونەری کوردی، هەروەها لە هونەرمەندە ئافرەتەکانیش من زۆر حەز لە دەنگی عایشەشان و گوڵبەهار و شەهریڤانا کوردی دەکەم.

### کارێکی دیکەش لەگەڵ تیپی دهۆك ئەنجام دەدەم

بەر لە ماوەیەك ئەلیف بیانی گۆرانییەکی لەگەڵ تیپی مۆسیقای دهۆك تۆمارکرد دواتریش بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاوکرایەوە، دەربارەی ئەم بەرهەمەی دەڵێ» ماوەیەك بوو نیازی ئەوەم هەبوو سەردانی کوردستانی ئازاد بکەم بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانییەك، کاتێك هاتمە شاری دهۆك ئەم داوایەم لە مامۆستا جەمال محەمەد ئەدیب کرد، کە بە ڕاستی جێگای خۆیەتی لێرەوە سوپاسێکی بێ پایانی مامۆستا جەمال بکەم، چونکە بە هەموو شێوەیەك هاوکاری کردم، دوای بڵاوبوونەوەیشی کلیپەکە زۆر جوان و سەرکەوتوو بوو ئەوەی زیاتر دڵخۆشی کردم رازی بوون و خۆشحاڵی کوردانی باکوور بوو بەوەی کە لە باشووری ئازادکراوی کوردستان کلیپێك بەرهەم بهێنم بەو شێوەیە.

### پاییز بەبەرهەمێکی نوێوە دەگەڕێمەوە

دوای سەرکەوتنی کلیپی یەکەمی ئەلیف بە نیازە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە کوردستان بۆ تۆمارکردنی بەرهەمێکی دیکە، لەم بارەیەوە ئەلیف دەڵێ (ئێستا کەشوهەوا گەرمە بۆیە بڕیارمداوە لە پاییزی ئەم ساڵ جارێکی تر بگەڕێمەوە کوردستان بۆ تۆمار کردنی گۆرانییەکی نوێ ئینجا بڵاوکردنەوەی بە شێوەی ڤیدیۆ کلیپ، هەروەها ئەلیف ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ بەرهەمێکی نوێ، بەڵام تا ئێستا دەستیپێنەکردووە و دەڵێ) کە هاتمە کوردستان لەگەڵ مامۆستا جەمال باس لەو بەرهەمە دەکەم و ئەگەر بارودۆخەکە لەبار بوو ئەوا لە زستانی داهاتوودا بڵاوی دەکەمەوە.



## قادر ئەسعەد بۆ گوڵان:

# شانازیکردن بە ڕابردووی پاکەوە سەروەری بۆ مرۆڤەکان دەگەڕێنێتەوە



**بەم دواییە هونەرمەندی دەنگخۆش قادر ئەسعەد دواییــن بەرهەمــی خۆی بە ناوی (شــایی) بڵاوکــردەوە کە چەنــد گۆرانییەکی هەڵپەڕکێ لە خــۆ دەگرێت بــە شــێوەزارە جیاجیاکانی زمانی کــوردی، لەژیانی هونــەری خۆیدا ئەمە یەکەمجارە کە بەرهەمێکی تایبەت بە گۆرانی هەڵپەڕکێ بڵاو بکاتەوە، سەبارەت بــەم بەرهەمە و چەند پرســێکی دیکە قادر ئەســعەد بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** لــە بەرهەمەکانی رابردووشــدا گۆرانی هەڵپەڕکێ هەبووە، بۆچی بەرهەمی ئەمجارەتان هەمووی تایبەت بوو بــە گۆرانی هەڵپەڕکێ بەناوەکەیشیەوە؟**

- ئــەم بەرهەمەم تایبەت بــوو بۆ یادەکانی ڕاپەڕین و نەورۆز، هەروەکو خۆشــتان ئاگادار بــوون بۆ ئەو کاتە ئامادە بوو بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام ئەو بارە ناسەقامگیرییەی کە لەهەرێمدا ڕوویدا گونجاو نەبوو من ئەو کاتە ئەم بەرهەمە بڵاو دەکەمەوە، هەروەها لە ســەر خواســتی زۆربەی هەواداران و کەســە نزیکەکانی خۆم و هونەرەکەم داوایــان لێکردم کە ئەلبوومێکی تایبــەت با شــایی و هەڵپەڕکێ ئامادە بکەم، هەر لە ســەر داواو پێشنیاری ئەوانیــش بوو ناوم لە بەرهەمەکەم نا «شایی».

*** تــۆ زیاتر بە هونەرمەندی ئاشقان ناسراوی، ئامادەکردنی بەرهەمێکــی تایبــەت بــە هەڵپەڕکــێ هەنگاوێکــی زەحمەت نەبوو بۆت؟**

- نەخێــر چونکە ئاشــقان پتر لــە هەموو کاتێک پێویســتیان بە لەیەکتــر نزیکبوونــەوە هەیە، هەڵپەرکێ و شــاییش هۆکاریکە بۆ ژووانی ئاشــقان و تاوێک ئاوێتە بوون و هەســت گۆڕینەوەو وپشــودانێک بە ڕوحیــان لە زەماوەندا، ئەوەشــمان لە یاد نەچیت من لــە هەموو بەرهەمێکمدا گۆرانی شایی وهەڵپەڕکێم تۆمار کردووە شان بەشانی ئاوازی دیکەش.

***فیستیڤاڵی ئاشتی بە کوێ گەیشت؟**

- بانگەوازەکە هــەر بەردەوامە، هیوادارم وەزارەتــی ڕۆشــنبیری ولاوان هەروەها ڕێکخــراوی هونەرمەندانیــش بــەدەم ئــەم بانگــەوازەوە بێــن و هەســت بەو بەرپرســیارێتییە، مێژووییــە بکــەن، فیســتیڤاڵەکە ئەنجام بدرێت، دەنا زۆر ئەڵتەرناتیفــی تر هەیە بــەڵام با جارێ چاوەڕوانی ئەم بەڕێزانە بین.

***ئەو پلانەی ئێســتا ڤین پرۆدەکشن پیادەی دەکات لــە بڵاوکردنەوەی بەرهەمــی هونەرمەنــدان چۆن دەبینی؟**

- ئەگەر ڕاســتیتان دەوێت زۆر باشــە، گرنگ نییە کاسێت وئەلبوومــی گۆرانی تەنیا لە تۆمارگاکان بفرۆشــێن، بێجگــە لــەوەش ئــەوە ڕێگرێکە لە کۆپی کردن و یاری کردن بە چارەنووسی بەرهەمــی هونەرمەندان، کە

هەندێک سـەنتەری بڵاوکردنـەوە لە ژێر پەردەی بڵاوکرنەوەی بەرهەمە ئۆرگیناڵەکان هەڵدەستان بە کۆپی کردنیشی، بەڵام هیوادارم ڤین زیاتر پرۆفیشناڵتر کارەکان ئەنجام بدەن لە کاتی بڵاوکرنـەوەدا، بەتایبەتی لە دەرەوە کە تاکو ئێستا نەگەیشتووە، باوەڕ بکە تاکو ئێستا ئەلبومەکەی خۆم دەست نەکەوتووە لام نییە.

***تۆ لەگەڵ کاک هەڵکەوت زاهیر پێوەندیتان هەیە و هەندێك کاریشـتان پێکـەوە کردووە، هەربۆیە تۆش ڕووبەڕووی ڕەخنە نەبوویتەوە؟**

- زۆر ڕاسـتە پێوەندییەکی بەهێزمان هەیە دوور لە بەرژەوەندی تەسـکی شەخسی لە سـەر بنچینەی ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی یەکتـر، ئەگەرلە زۆر شتیشـدا جیاوازیش بیـر بکەینـەوە، کارکردنی مـن وکاک هەڵکەوتیـش زۆر ئاسـایی بـووە بەرێزیان داوای چەنـد هۆنراوەیەکی لێکردووم منیش بە خۆشـییەوە پێشکەشـم کردوون، ئەویش کردویەتـی بە ئاواز بـۆ گۆرانیبێژان، زۆر ئاساییە کە دوچاری ڕەخنەش ببمەوە، بەڵام تاکو ئێستا لە دەستخۆشـی زیاتر هیچیترم پێ نەوتراوە.

***ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی هەڵکەوت زاهیر دەکرێنـەوە لە جێی خۆیانن یـان زیادەڕۆیی تێدایە؟**

-زۆر سروشـتییە مرۆڤ تاکو کار نەکات دووچاری ڕەخنە نابێتەوە، ڕەخنەش زەنگێکی پێویسـتە بۆ ئەوەی هەرچی زووە مرۆڤ بە هۆش خۆیی بێنێتەوە کاری باشـتر بکات و لە سـەر هەڵەکانی بـەردەوام نەبێت، کاک هەڵکەوتیـش وەکو هـەر مرۆڤێک بە دور نییە لە ڕەخنە، ڕەنگە بەشـێکیان ڕاست بن، بەڵام بە ڕایی من زۆر زێدەڕۆیی تێدایە. خۆ هەق وایە لە بەرامبەردا دەستخۆشی لە کارە باشەکانی مرۆڤ بکرێن، بەڵام زۆر بەداخەوە لای ئێمە ئەم بەشـەی دووەمیان فەرامۆش کراوە، چاوەکانمان جوانی نابینن.

***پێتوانییـە هونەرمەند ئەگەر لە کارکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهـەم دابڕا ئیدی لە هونەر دادەبڕێت و پێویسـت ناکات نانی ڕابردووی خۆی بخوات؟**

-نەخێر ئەو دەستەواژەیە زۆر هەڵەیە، زۆر جاران تەنها کارێکـی نایاب وبڕ لە داهێنان دەبێتە مایەی سـەروەری ناوێکی گەورە تاکو ژیان ماوە، ئەوەشمان لە یاد نەچیت داری ڕۆژگار زۆر بێ ڕەحمە قەدەرێک وا لە مرۆڤ دەکات کە سـنووری دووری هەڵبژێرێت و دەستەو ئەژنۆ دوور بوەسـتێت نەتوانێت لە کارەکەی بەردەوام بێت، بۆیە من پێموایە شـانازی بە ڕابردووی پاک هەموو کاتێک سـەروەری بۆ مرۆڤەکان دەگەڕێنێتەوە.



# حەسەن شەریف: ڕۆحیەتی ئێستای هونەر لە ڕەسەنایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە

هونەرمەند حەسەن شـەریف لە پێوەندییەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان سەبارەت ڕەسەنایەتی لە هونـەری کوردیـدا گوتـی: هونەری کوردی هـەر لە کۆنـەوە هونەرێکی قووڵ بووە وئەو ڕوحییەتەی کە تا ئێسـتاش ماوە، لە ڕەسـەنایەتی ئەو هونەرەوە سـەرچاوەی گرتووە.

سەبارەت بە پێشکەوتنی هونەری کوردیش بە شێوەیەکی گشتی وتی- بە هۆی تێکەڵبوونی زۆرم درکـم بەوە کردووە کە پێشـکەوتنێکی بەرچـاو لە هونەری موزیـك و گۆرانی لە باکووری کوردستان دەستپێکردووە، لە لایەنی گرووپ و ڕەسـەنایەتی و ئۆرجیناڵی گوتن و دەرکەوتن و کۆکردنەوەی ئەرشیف، هەروەها زۆر جـار دەبینین ئـەو گرووپانە ئامێرێکی موزیکـی ڕۆژئاواییان هێنـاوە لە موزیکی کوردیدا بەکاریـان هێناوە بەمەش مرۆڤێکی ئەورووپی دەتوانێ گوێی لێبگرێت و هونەری کوردی پێ بزانێت،بە پێچەوانەوە لە باشووری کوردسـتان مـن پێموایە داگیـر کردنێکی دوژمنانەی گوێی خەڵك دەسـتپێکردووە و ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی بەرەو ئەرابیسك هەنگاو دەنێ و موزیکی کوردی ڕوحییەتی کوردی تێدا نەماوە.

حەسـەن شـەریف ڕەخنـەی لـە هەندێك هونەرمەنـدی کوردی هەیە کـە خەریکە مۆرکی کوردی لە هونەردا دەشێوێنن و لەم بارەیـەوە وتی: مـن ڕەخنەیەکم لە هەندێك لەو دەنگخۆشـانە هەیە کە ئـەو کارانەی بـە کەلتـووری کوردییەوە بەسـتراونەتەوە نەدەبوایـە بەرەو ئەو هەڵەیـەی بەرن، لێرە گوێی خەڵك بە موزیکی بیانی داگیرکراوە و ئەو گۆرانیبێژانە ئێستا دەست پێدەکەن زۆر سەرسـامن بە هونەری وڵاتانی دەوروبەری کوردستان بەتایبەتی تورکیا کە هونەرەکانی کاریگەرییەکـی زۆری هەیە من ئەمە بە پێشـکەوتن دانانێـم، ڕێزم بـۆ هەندێك لە هونەرمەنـدان هەیە، بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی ئەو خۆشەویسـتییە بۆ هونەری کوردی نەماوە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو گۆرانیبێژانە، مخابن نەمانتوانیوە سوود لەو ئازادییە وەربگرین کە بەدیهاتووە.

# نابێ هاوسەرەکەم ڕێگای هونەرم لێ بگرێت



کچە گۆرانیبێژ نازك سەلیم لەپێوەندیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان دەربارەی خۆشەویستی دەڵێ: خۆشەویستی پەیڤێکی پیرۆزە و دەبێ مرۆڤ هەمیشە بە خۆشەویستییەکی پاك و بێگەردەوە بژی جا خۆشەویستی بۆ رەگەزی بەرامبەر یان نیشتیمان یان دایك بێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی تێبینی دەکرێ ئێستا کەسانێك بەشێوەیەکی هەرزەکارانە لە پیرۆزی و گەورەیی ئەم پەیڤەیان کەم کردۆتەوە.

نازك دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی دەڵێ: ئەو کەسەی من هەڵیدەبژێرم وەك هاوسەری ژیان دەبێ ڕێز لە هونەرەکەم بگرێت و نەبێتە ڕێگر لەبەردەمم، هەروەها دەبێ مرۆڤێکی ئیماندار بێت و لێك تێکە یشتنێکی تەواو لەنێوانماندا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسوودەیی بژین، بەڵام مەرجی سەرەکیم ئەوەیە کە نەبێتە بە ر بە ست لەبەردەمم بۆ ئەوەی درێژە بە کاری هو نە ر یم بدەم.




# لای ماریا ئێستاش بەزمی جارانە

هەرچەندە ماریا کاری پابەندە بە ژیانی هونەری و خێزانی خۆی، بەڵام تا ئێستاش ماریا حەز بە ژیانی شەونخونی و مانەوە لە یانەکانە.

هەر لەو بارەیەوە چەندسەرچاوەیەکی نزیك لە ماریا رایانگەیاند کە بەر لە چەند شەوێك نا درەنگانێك لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە یانەیەك مانەوە، ماریا تا ئێستاش ئاسەواری منداڵ بوونی پێوە دیار بوو دوای لەدایکبوونی جمکەکەی مۆنرۆ و مۆرۆکی لە مانگی نیسانی رابردوو، هەر لەم ئاهەنگەدا بۆدی گاردەکەی بە بەردەوام لەگەڵی بوو و گشت داخوازییەکانی زۆر بە پەلە جێبەجێ دەکرد، هەروەها ماریا بوتلێکی شامپانزی بە بڕی ١٦٠٠ دۆلار بۆ هاوڕێیەکانی کڕی.

## دڵم گەورەیە

دینا حایــك یەكێكە لە كچە گۆرانیبێژە دەنگ ناســك و ناودارەكانی لوبنان و توانیوتی لە ماوەیەكی كەمدا بە دەنگە ســیحراوییەكی جەماوەرێكی زۆر بــۆ خۆی پەیدا بكات و خۆی وەك هونەرمەندێكی بە توانا بسەلمێنێت.
دینا حایــك دەربارەی ئەوەی كە زۆربــەی گۆرانییەكانی رۆمانسین و رۆمانسیەتی تێدا بەدی دەكرێت، دەڵێ: شێوازی رۆمانسی هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەم شێوازە راهاتووم و تێیدا ســەركەوتوو بووم، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، كە بە شــێوازەكانیتر گۆرانی نەڵێم، بۆیە من رەنگە بە گۆرانییە رۆمانســییەكان ناســراو و ســەركەوتوو بــم، چونكە وەك جەماوەرەكەم دەزانن من بە هەموو شێوازێك گۆرانی دەڵێم.
دەربارەی خۆشەویســتیش دینا حایك دەڵێ: من مرۆڤێكی خــاوەن دڵێكــی گەورەم و لــەو دڵە گەورەیەی منیشــدا خۆشەویستی بەشێوەیەكی گشــتی بەشێكی زۆری داگیر كردووە.





## پاریس و لۆهان هاوڕێیەتیان نوێ كردەوە

دوای ئەوەی بۆ چەندیــن جار ناكۆكی كەوتە نێوان پاریس هیلتۆن ولیندسی لۆهانەوە و لێدوانی دژی یەكیاندا كە بووە هــۆی پچڕانی پێوەندی نێوانیــان، خەریكە جارێكی دیكە پێوەندییەكانیان ئاسایی بووەتەوە.
بەر لە ماوەیەك لۆهان بەشدار بوو لە ئاهەنگێكی تایبەت كە پاریس سازی كردبوو لەسەر دەریای مالیبۆ، چوونی لۆهان بۆ ئــەو ئاهەنگە مایەی سەرســوڕمانی ئامادە بووان بوو بەتایبەتی ئەوانەی لە نزیكــەوە ئاگاداری ناكۆكییەكانیان بوون بەتایبەتی هەندێكیان پێیان وابوو كە ئەمانە هیچ كاتێك ئاشت نابنەوە، سەرچاوەیەكی نزیك لە ئاهەنگەكە رایگەیاند: پاریس زۆر بە پەرۆشەوە بۆ ئامادە بوونی لۆهان بۆیە كاتێك گەیشــتە شوێنی ئاهەنگەكە لە باوەشــی گرت و زۆریش دڵخۆش بوو و وتی: لە دڵەوە حەزم دەكرد پێوەندیمان ئاسایی بێتەوە و جارێكی دیكە چاوی بە لۆهان بكەوێتەوە.